## دیداری لەگەڵ هونەرمەند: چۆمان ... سازدانی هەڵکەوت زاهیر



چۆمان لاوێکی نوێ و خواستێکی نوێ و دەنگ و دەست و پەنجەیەکی نوێی موزیکی کوردییە، بزانین لەڕۆحیەوە چیمان پێدەڵێ.

هەڵکەوت: سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟
وەڵام: لە ساڵی 1979 بۆ یەکەم جار، چوومە دنیای هونەری مۆسیقاوە لە تیپی مۆسیقای پیرەمێردی منالان، لە ژێر چاودێری مامۆستای خۆنەویست سەلاح رەئوف. دواتر لە ساڵی 1981 بەشداری ڤیستیڤاڵی ساڵانەی چالاکی قوتابخانەکانم کردووە لە سەر ئاستی شارەکانی عیراق. بەردەوام بووم لە کاری هونەری مۆسیقادا تا ساڵی 1992 کە بووم بە ئەندام لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان. مەڵبەندی گشتی سلێمانی و تا ئێستا بەردەوامم لە کاری هونەری.

هەڵکەوت: لە مۆسیقاوە بۆ گۆرانیبێژ، ئەمەت چۆن هەڵبژارد؟
وەڵام: هەروەک زانراوە هەموو هونەرمەندێکی مۆسیقی کە پێشتر لە مۆسیقادا کاری کردبێ، تێگەیشتنی باشی دەبێت سەبارەت بە گۆرانی گوتن، لە ساڵی 1993 چووم بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و لە شاری مەهاباد بە هاندانی چەند دۆست و هاوڕێ، دەستم کرد بە هونەری گۆرانی و تا ئێستا بەردەوامم.

هەڵکەوت: زۆربوونی رادەیەکی زۆر لە گۆرانیبێژ، چۆن دەبینی؟
وەڵام: بەڕای من هۆکاری سەرەکی هونەرمەندان، بەبێ شارەزایی دێنە دنیای مۆسیقاوە، لەم کاتەدا هونەر ئازادە، هەر کەس بە پێی توانا و سەلیقە و ئاستی هونەری خۆی دەتوانێ بێتە مەیدان، ئەمە و جگە لە چەند هۆکارێکی سەرەکی تووشی چەندین رووبەڕووبوونەوەی نەشارەزایان دەبن. جگە لەوەی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی هۆکارێکی زۆر ترسناکە، هەر یەک بە هۆی لێپرساوێک دەبنە گۆرانیبێژ و دەبێت بەرهەمەکەی لە هەفتەیەکدا، لە تەلەفزیۆنەکاندا دوو جار دابەزێ.

هەڵکەوت: چۆن دەزگاکانی راگەیاندن هەڵدەسەنگێنی، تا چ رادەیەک لە خزمەتی کاری هونەرمەنداندان؟
وەڵام: ئەگەر بڵێم دەزگاکانی راگەیاندن، ماندووبوونیان پیوە دیار نییە لە پەرەپێدان و گەشەی هونەری کوردیدا، واتایەکی درووست نییە، بەڵام زۆر جار بە هەڵەدا دەچن یاخود خۆیان بە هەڵەدا دەبەن، لە زۆر کاتدا بێ هەڵسەنگاندنی ئاستی هیچ کەسێک کە دێتە

مەیدانی هونەرەوە بەهۆی پەیوەندی تایبەتی خۆیان، هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ دەکرێت، هونەرمەندانی دیکە بە ماندووبوونێکی ئێجگار زۆرەوە هیچ رێز و تەقدیری کارە هونەرییەکانی ناکرێ، لە هەمان کاتدا دەزگاکانمان هیچ بایەخێک بە هونەرمەندانی ناوخۆ نادەن بەڵام هونەرمەندێک لە تاراوگە کە دەگەڕێتەوە، رۆژ و شەویان دەبێتە دەنگوباسی ئەو هونەرمەندە میوانە، لەگەڵ ئەوەشدا جێ دەستیان دیارە و کاری باشیان کردووە.

هەڵکەوت: ئەم CD بیەی بەڕێزتان، چەند بەرهەم لەخۆ دەگرێ و کێ بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا کردووە؟
وەڵام: 7 گۆرانی لەخۆ گرتووە، 3 دانەیان ئاوازی خۆمە، 4 ی فۆلکلۆرە، بە هاوکاری هونەرمەند "هێمن حسێن" و هۆنراوەی میرزا ئەوڕەحمانی سابڵاخی کە ناسراوە بە "وەفایی"، بە هیوام جێی رەزامەندی گوێگران بێت، و ئێستا سەرقاڵی کلیپکردنی دوو گۆرانیم.

هەڵکەوت: حەز بە دەنگی کێ دەکەیت؟
وەڵام: ناسری رەزازی، مەرزیەی فەریقی، وەک کورد، جۆرج وەسوف، ماجیدە رۆمی، فەیروز، وەک عەرەب، ستار و ئیبی، وەک فارس.

هەڵکەوت: ئاستی هەڵسەنگاندنی جەماوەر بەرانبەر کارە هونەرییەکان چۆن دەبینی؟
وەڵام: زۆر بە داخەوە، تا ئیستا گوێگری مۆسیقا و گۆرانی کوردی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە هونەری باش و خراپ لە یەک جیابکەنەوە، لە هەمان کاتدا هونەرمەند چەند پێویستی بە ئاستی بەرز هەیە بۆ پێشکەشکردنی هونەرەکەی، گوێگریش ئەوەندە پێویستی بە کاری باش هەیە بۆ گوێگرتن، من لێرەوە رەخنە لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەگرم، تا ئیستا وانەی هونەریان لە کوردستاندا زۆر پشتگوێ خستووە، تا گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە لەوانەی هونەردا مامۆستا رەوانەی یاریکردنیان دەکات، ئەمەش بووەتە هۆی تێکدانی سەلیقە و چێژی نەوەی دوارۆژمان نەشارەزایان لە هونەری میللەتەکەیاندا.

هەڵکەوت: دوا هەنگاوت چییە؟
وەڵام: لە هەوڵی ئەوەدام دوو بەرهەمی دیکە بکەم، بە هیوام بە زووترین کات بیخەمە بەردەستی عاشقانی گۆرانی و هونەری کوردی.

هەڵکەوت: دوا وتەت؟
وەڵام:، دەستخۆشیتان لی دەکەم لەم هەنگاوەتان، بۆ کورد و دڵسۆزی میللەتەکەتان.